# سوکایەتی کردن بە ئافرەت لە وولاتانی ڕۆژئاوا

[ كردي – کوردی – kurdish ]


## شێخ محمد جەمیل زینۆ

وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2015 - 1436

IslamHouse.com

# إهانة المرأة في بلاد الغرب

« باللغة الكردية »

محمد بن جميل زينو

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2015 - 1436

IslamHouse.com

# سوکایەتی کردن بە ئافرەت لە وولآتانی ڕۆژئاوا

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە.

باروگوزەرانی ئافرەت لەو وولآتانەی کە گوایە لەڕووی شارستانیەوە پێشکەوتوون، زۆر خراپ ونالەبارە، چونکە سوکایەتیان پێدەکرێت، ڕووت دەکرێنەوە، وکراون بە کاڵای ڕابواردن وڕێکلامی بازرگانی، بەهەموو شێوەیەك دەروونە نەخۆش وهەل پەرستەکان تاوەکو گەنجن ئارەزووەکانی خۆیانیان پێ تێر دەکەن، وەکاتێکیش پیر بوون وازیان لێدەهێنن وبەرەڵایان دەکەن ودەبێت لە خانەکانی بەساڵاچوواندا ژیان بەسەر بەرن، ئەمەش هیچ کەسێك پێی ڕازی نابێت کەسێك نەبێت کە شۆرابێتەوە لە فیرەتی تەندروستی خۆی، یان ویژدان سسست و نەخۆش بێت:

١-یاسا ئینگلیزیەکانی ساڵی ١٨٠٥ زاینی ڕێگایان دەدا کە پیاو ژنی خۆی بفرۆشێت.

٢-لە گۆڤاری (شارستانیەتی ئیسلام) لە ژمارەی ساڵی دووەمیدا لە لاپەڕە (١٠٧٨) داهاتووە: ساڵی ڕابردوو پیاوێکی ئیتاڵی ژنەکەی خۆی بە (قسط) فرۆشت بە پیاوێکی تر، جا کاتێك کە کڕیارەکە نەیتوانی هەموو (قسط)ەکان بدات بە فرۆشیارەکە، فرۆشیارەکە کڕیارە قەرزارەکەی کوشت.

٣-شێخ محمد ڕەشید ڕەزا (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: شتێکی سەر سوڕهێنەرە لەم ڕۆژانەدا لە هەندێك لە ڕۆژنامە ئینگلیزەکانەوە گوازراوەتەوە کە تائێستاش لە هەندێك شارۆچکەی ئەو وولاتە پیاوان ژنەکانی خۆیان بە پارەیەکی زۆر کەم دەفرۆشن، بۆ نموونە دەڵێن ژن هەیە فرۆشراوە بە سی (٣٠) شلن، تەنانەت ئەو ڕۆژنامانە ناوی هەندێك لەو پیاوانەشیان هێناوە کە ژنەکانی خۆیان هەڕاج فرۆش کردووە .

٤-لە ئەمریکا کە لوتکەی وولاَتانی ڕۆژئاوادایە، ئافرەت لەوێ گەشتوەتە ئەوپەڕی دارمانی ڕەوشت وکاولەی کۆمەلاَیەتی، و هەلوەشاندنەوەی لەناو خێزاندا، دکتۆر مصطفی سوباعی دەلیَت : ئافرەت لە وولاَتانی ڕۆژئاوا باری کۆمەلاَیەتی و گوزەرانی بێ ویژدان وبێ ڕەحم وای لێکردووە کە پاش تەمەنی هەژدە سالَی دەردەکرێت لەمالَ بۆ ئەوەی خۆی خۆی بژیەنێت و ڕابێت لەسەر نارەحەتیەکانی ژیان تاوەکو پارەویەك نان بەدەست بهێنێت، خۆ ئەگەر بەهەر شێوەیەك بوو بۆی نەکرا لەمالَ بچێتە دەر بۆ کارکردن، ئەوا لەگەلَ دایك وباوکیدا دەمێنێتەوە بەلاَم دەبێت کرێی ئەو ژوورەیان بداتێ کە تێیدا دەمێنێتەوە، پارەی خواردن وهەقی شۆردنی جلوبەرگ وپەیوەندیە تەلەفونیەکانیشان بداتێ، چونکە کەسێکی بێ بەرهەمە وکارناکات .

ئەمەی دەیلێین تەنها بەسەرهاتی سالاَنی ڕابردوو نیە، بەلکو تا ئێستاش باروگوزەرانی ئافرەت هەر بەو شێوەیە، چونکە یەکێك لە کوڕەکانم کە نیشتەجێی وولاَتی فەرەنسایە بۆی

گێرامەوە ووتی بەڵێ تا ئێستاش ئەم وەزعە هەر بەردەوامە

٥- سەبارەت بە پڕۆسەی هاوسەرگیریش زۆر کەمە، لە بەرامبەر ئەمەشدا لەش فرۆشی و داوێن پیسی، و بڵاو بوونەوەی زینا و نێربازی ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بووندایە، دیاردەی منداڵی فڕیدراو و زۆڵ زۆر زۆر بووە، ڕێژەی تەڵاق لە بەرز بوونەوەدایە، نەخۆشیە لەناوبەرەکانی کۆ ئەندامی زاوزێ، بەتایبەتی نەخۆشی ئایدز زۆر بڵاوە، ئەوە ئەو نەخۆشیانەی کە بێ چارەسەرن لەم لایەنەوە هەر باسی مەکە هێندە زۆر بوون، بەکورتی ژیانی ئافرەتانی ڕۆژئاوا گەیشتونەتە ڕادەی دارمان وسوکایەتی پێکردنیەکی وا کە ژیری مرۆڤەکان تەصوری ناکەن .

دکتۆر نور الدین عەنز دەڵێت : یەکێك لە هاوڕێکانم کە خوێندنی بالای لە ئەمریکا تەواو کردووە، بۆی گێرامەوە کە لەناو ئەمریکیەکاندا خەڵکانیك هەن کە ژنەکانیان لە نێو خۆیاندا بۆ ماوەیەك دەگۆڕنەوە، دوای ئەو ماوەیە هەریەکە و

دێـت ژنـەکـەی خـۆی دەباتـەوە، هـەروەك ئـەو دێهاتیانـەی کـە ئاژەڵکانیان دەگۆڕنەوە، یان وەك ئەو شاریانەی کە هەندێك لـە کەلوپەلەکانیان دەگۆڕنەوە .

بـــرادەرێکیش کـــە لـــە فەرەنســا هـــاتبووەوە ئەمـــەی پشـــت ڕاسـتکردەوە، ووتـی لـە نێـو فەرەنسیەکانیشـدا ئـەم دیاردەیـە بەرچاو دەکەوێت .

بۆیە پێویستە ئافرەتی موسڵمان باش تێبگات کە چەند بەنرخ وڕیزدارە لـەناو خێـزان وخانـەوادەکەیدا، وە بـەهیچ یـەکێك لـەو بـاس و خـواس وبانگەشـە بریقەدارانـە فریـو نـەخوات کـە پێـی دەڵـێن شارسـتانیەتی ڕۆژئـاوا، بانگەشـەی یەکسـانی نێـوان ئافرەتان وپیاوان، ئەوە شارستانیەت نیە، بەڵکو یەکسان کردنی مرۆڤە بە ئاژەڵان ..

خوای گەورە ڕێز و شکۆی ئافرەتانی موسڵمان بپارێزێت

سەرچاوە : پەرتوکی ( تکریم الإسلام للمرأة )